# تەکنەلۆژیای گەیاندن و پێشختنی ئابووری

ئومێد محمد صالح★



لەوەتەی کومەڵگای مرۆڤایەتی دامەزراوە مرۆڤ پێویستی بە هۆیەکانی گەیاندن هەبووەو،لەدێر زەمانەوە دوای دۆزینەوەی ئاگر لەژیانی مرۆڤایەتی دا، ئاگر وەک هێمایەک بۆ ئاگادار کردنەوەی دەوروبەر بەکارهاتوە . چەندە کۆمەلگای مرۆڤایەتی بە(بیرکردنەوە ی ئەو سەردەم) پێشکەوتووە هەولی داوە هۆیەکانی گەیاندن بدۆزیتەوەو پەرەی پێبدات.

بابلییەکان یەکەم کەس بوون لەمێژوودا شێوازی پەیوەندی کردنیان بەکار هێنا(1) شارستانیەتی بابلیەکان بە یەکەم شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت، ئەو سەردەمە بابلیەکان نامەیان بۆ مەبەستی وتو وێژو پەیوەندی لەگەڵ شارستانیەتەکانی ئەو کات بەکارهێناوە، هەروەها بابلیەکان بەهۆی نامە بەرنامەیان بۆ بواری بازرگانی داناوەو لە شەرو گۆرینەوەی زانیاری نامەیان بەکارهێناوە.نامەکە بریتیبووە لەپارچە قورێک بە قەبارەی لەپی دەست و لە پێش تیشکی رۆژ وشکیان دەکردەوە کە درێژیەکەی لە (8)سم پتر نەدەبوو،هەروەها ئەستوریەکەی لە(1)سم رەتی نەدەکردو زەرفەکەشیان وەکو بۆکس هەر لە قور دروست دەکردو مۆرێکی بازنەییان لێی دەدا کە دەبووە هۆی پارێزگاری کردن لە خوێندنەوەی نامەکە.

کۆتری نامە بەر(2)شارستانیەتی دێرینی مرۆڤایەتی زۆر جۆرە شێوازی تری بۆ گەیاندن بەکارهێناوە، کە لێرەدا ماوەی باسکردنی نییە ؟ بەلام ئامارە بەوە دەکەم کە مرۆڤایەتی سوودی لە ئاژەڵ و گیانلەبەر وەرگرتوە، بۆ نمونە جۆرە کوترێکیان مەشق پێکردووەو لەبواری نامە گواستنەوە کەڵکیان لێوەردەگرت، هەرچەندە زۆر جار بەتایبەتی لە حالەتی شەر نامە لەجیاتی بگاتە شوێنی مەبەست دەکەوتە دەستی دوژمن و نهێنیەکان ئاشکرا دەبوون و پارسەنگی شەرەکانی دەگۆری.

ئەلیکسەندەرگراهام بێل – (داهێنەری تلیفۆن)زانایەکی ئیتالی بەناوی (ئەنتۆنیۆ میۆچی) لە ساڵی 1876 بنچینەی چۆنیەتی کارکردنی تەلە فۆنی دانا، بەلام دواتر زانای کەنەدی (گراهام بێل ) داهێنانی ئامێری تەلەفۆنی دۆزیەوە، کە تێیدا کارەباو موگناتیسی بەکار هێنا بۆدەرختنی قسە، کە ئەمە بە گەورەترین داهێنان لەبواری گەیاندن دادەندرێ، ئێستاش گەورەترین کۆمپانیا لەجیهان بەناوی ئەو زانا گەورەیە ناونراوە .

ئەم داهێنانەی (گراهام بێل) رێرەوی زۆر شتی لەژیانی مرۆڤایەتی گۆری بەتایبەتی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر رەوتی شەرە جیهانی وناوخۆییەکان هەبوو.

گەیاندن گەورەترین سەرچاوەی بوژانەوەی ئابووریە ئێستا لە جیهاندا بواری گەیاندن بۆتە گەورەترین سەرچاوە بۆ بوژانەوەو پێشکەوتنی ئابووری ولاتان،نەک تەنها کێبرکێ لەگەڵ بواری نەوت دەکات، بەڵکو لە هەنێک وولات بە پێش ئەم بوارە کەوتوە و لەهەندێک ولاتیش کە بە ولاتی تۆریزم(گەشت و گوزاری) بەناو بانگن، لەبواری داهات، بە پێش تۆریزمیش کەوتووە. هەر لەم بارەیەوە بۆنموونە عێراق لەسەردەمی حوکمرانی(پۆل پریمەر)لەو ئاژاوەو بێ یاساو رێسابییە نزیکەی (2) ملیار دۆلار چۆتە خەزێنەی حکومەتی عێراقی وەک داهات، ئەم داهاتەش تەنها رسوماتی مۆلەتی تۆرەکانی مۆبایلە کە بریتیە لەسێ تۆری موبایل. لەسوریا داهاتی تۆرکانی مۆبایلی ئەم ولاتە لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2005بەرێژەی 10%لە کەرتی توریزم پتر بووە،هەروەها داهاتی (ئاکسۆن مۆبیل) لەیەک وەرزدا واتا لەسێمانگ (19)نۆزدە ملیار دۆلار بووە(3).

بۆئەوەی خوێنەر دەرکی سوودی مادیو مەعنەوی بواری گەیاندن بکات وا چەند نمونەیکی تر دەهێنمەوە :

-1 لەرۆژی 2006\2\12 گەورەترین پێشانگای گەیاندنی عەرەبستانی سعودی (لەریاز) ی پایتەخت ئەنجام درا،

لە پێشانگاکەدا کێبرکێیەکی زۆر بەهێز لەنێوان کۆمپانیای (الاتصالات السعودیه/المتکامله)و(موبایلی)رویدا.(الاتصالات السعودیه)نمایشی پێشکەوتوترین تەکنولوژیای گەیاندنی لە ئاستی جیهان کرد کە بە(G3.5)ناسراوە، واتە نەوەی(جیل) سێیەمی پێشکەوتو، گرنگترین خزمەتگوزاری ئەم سیستەمەش بەکارهێنانی ئینتەرنێتە بەخێراییەکی یەکجار زۆر کەدەگاتە(S/MB1.6 وبە HSDPA) ناوزەد دەکرێت (واچاوەروان دەکرێت ئەم ساڵ ئەم خزمەتگوزاریە لەرێگای مۆبایل بکەوێتە بەردەستی هاو بەشان).هەر لەهەمان پێشانگا (الاتصالات السعودیه) نمایشی سیستەمی (G3) کرد کە گرنگترین خزمەت گوزاری ئەم سیستەمە بریتیە لە: قسەکردنیدەنگ و رەنگ (وێنەیی)(ڤیدیۆ) و بینینی کەناڵەئسمانیەکان بەموبایل و دیاری کردنی شۆینی هاوبەش و خوێندنەوەو سەیرکردنی مانفێستی هەموو بوارەکانی بازرگانی و کارو تۆریزم .........هتد شایانی باسە (الاتصالات السعودیه) (16) ملیۆن هاوبەشی هەیە .

(خوینەواری بەرێز خۆت لێکی بدەوە چ سوودێکی گرنگی بۆ ئابووری وولات و تاک هەیە؟) .

هەر لەهەمان پێشانگا کۆمپانیای (مۆبایلی) نمایشی هەندێک

تاقیکردنەوەی(G3.5) کرد کە بڕیارە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵ بکەوێتە خزمەت و خەڵک بەکاری بهێنێت، خێرایی ئەم سیستەمە 14.4 مێگابایت لە چرکەیەکە، کە بە بەراورد لەگەڵ (G3)کە 2 مێگابایت لە چرکەیەکەیەکە، بەم شێوەیە هاوبەشی (مۆبایل) تەلەفۆنی گەرۆک دەتوانێت بەخێراییەکی زۆر زانیاری تۆمار بکات و زۆر بەروونی کەناڵە ئسمانیەکان ببینێت و بە خێرایەکی چاوەروان نەکراو ئینتەرنێت بە کاربێنێت و مانفێستەکان بخوێنیتەوە .

پسپۆرو چاودێران ناویان لەو کێبرکێیە نا، شەری رانەگەیەنراو (حرب غیر معلنە)، کەچی لەم کێبرکێیە بەهێزەدا، هەردوو کۆمپانیای ناوبراو



لەگەڵ کۆمپانیای (بیانات) لەرۆژی 13\2\2006 واتە دوای رۆژێک لە کردنەوەی پێشەنگاکە، پرۆتۆکۆلێکی هاوبەشیان واژۆ کرد بۆ راکێشانی کێبڵی روناکی (FIBER OPTICS) بەدرێژای (12,000) دوازدە هەزار کیلۆمتر بۆ شارو شارۆچکەکانی عەرەبستانی سعودی بە گوژمەی (266)دووسەدو شەست و شەش ملیۆن دۆلار بۆ ئەوەی هەرسێ کۆمپانیاو تەلەفۆنی جێگیری کەرتی گشتی سوودی لێوەربگرێت، بەمەش نەک تەنیا چارەسەری کێشە هەنوکەیەکانی پەیوەندی کردن دەکات بەڵکو تاماوەیەکی دوور کێشەی پەیوەندی کردن و داواکاری تەلەفۆن چارەسەر دەبێت . ئەم پرۆژەیەش بەچەند قۆناغێک لە ماوەی دووساڵ جێ بەجێ دەکرێت و گوژمەکەشی ئەم سێ کۆمپانیایە لە ئەستۆی دەگرێت.

بەمەش سعودیە دەبێتە خاوەنی پێشکەوتوترین تۆری گەیاندن و باشترین خزمەتگوزاری بەمۆبایل و تەلەفۆنی جێگیر و ئەنتەرنیت پێشکەش دەکات کە هۆکارێکی سەرەکی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوریە.(4)

2 - بەمەبەستی بەستنەوەی هەرسێ کیشوەری (ئەوروپا، ئەفریقیا، ئاسیا) بەکێبڵێکی دەریایی لە ئاداری/ 2004 لەشاری دوبەی (16) شازدە کۆمپانیای گەیاندن پرۆتۆکۆلێکیان واژۆ کرد بۆ راکێشانی کێبڵێکی گەیاندن لەژێر دەریا بەدرێژای (20000) بیست هەزار کیلۆمتر لە فەرەنسا تادەگاتە سەنگافورە، ئەم پرۆژەیە لە ماوەی ساڵێک بەگوژمەی (500) پێنج سەد ملیۆن دۆلار جێبەجێ کراوە لە 22/11/2005 ئەم کێبلە بەخێراییەکی باوەر نەکراو کە دەکاتە(1.28) تیرا بایت لە یەک چرکەدا کەوتە کارو لەیەک کاتدا(15) پازدە ملیۆن هاوبەش دەتوانن مۆبایل و تەلەفۆنی جێگیر و ئینتەرنێت بەکاربێنن کە مەزەندە دەکرێت لەماوەی چەند سەعاتێک یان چەند رۆژێک گوژمەی خۆی پر بکاتەوە ؟(5).

3 - لە کۆتایی ساڵی (2005)، (2.2) ملیار هاوبەشی مۆبایل لە جیهان هەیە، واتە پتر لە 1/3ی دانشتوانی گۆی زەوی مۆبایلیان بەکار هێناوە.(6)

4 - بازاری فرۆشتنی ئامێری مۆبایل گەیشتۆتە (170) ملیار دۆلار و بەهای بەکارهێنانیشی لە (500) ملیار دۆلار تێپەری کردووە (7).

5 - لەرۆژهەڵاتی ناوەراست (85)هەشتاو پێنج ملیۆن هاوبەشی مۆبایل هەیە و پێشبینیش دەکرێت تا ساڵی 2011بگاتە (160) ملیۆن هاوبەش (8).

## (GSM) ئەو سیستەمەی دونیای هەژاند:

(GSM) کورت کراوەی (global system for mobile communications)واتە سیستەمی جیهانی بۆ پەیوەندی گەرۆک (مۆبایل) ئەم زاراوەیە لە ساڵی 1991هاتۆتە کایەوەو هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵەی(GSM)) لەچەند کۆمپانیایەکی گەیاندن دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی بە ئامادە بوونی نوێنەرانی (100) سەد کۆمپانیا لە ساڵی 1991 بەست، کەچی لە فێبرایەری ساڵی 2005 کۆنگرەی (GSM)لەشاری (کان) ی فەرەنسی بەئامادەبونی (34000) سی‌و چوار هەزار کەس گرێدرا بەڵام دوا کۆنگرە کە لە فێبرایەری /2006 لەشاری (بەر شلۆنە)ی ئیسپانی بەسترا پتر لە(50000) پەنجا هەزاکەس بەشداریان تێدا کردو نزیکەی (1000) کۆمپانیای پسپۆر بەشدار بون و ژمارەیەکی زۆری خاوەن کۆمپانیا و بەرێوەبەرو بەر پرسی حکومەت ئامادەبوون. هەروەها نوێنەرانی 1200 میدیای جیهانی داوەت کرا بوون (9).

لەتەموزی پار ساڵ وەزارەتی گەیاندنی عێراقی فیدراڵ رێککەوتنێکی لەگەڵ ئیمارات وسعودیە مۆر کردووە بۆ راکێشانی کێبڵێکی دەریایی بەدرێژی(1500)کیلۆ مەتر بۆ بەستنەوەی (ام قصر)بە(الفجیرە)وکەناری رۆژهەڵاتی سعودیە.واچاوەروان دەکرێت تاکۆتایی ئەم ساڵ پرۆژەکە بەکاربکەوێت ولەوانەیە لەقۆناغی دووەم (700)کیلۆمەتری تر هەر لەرێگای دەریا بۆ ولاتانی تری کەنداو رابکێشرێت.ئەو پرۆژەیە وادەکات گەیاندن زۆر لەئاستی ئێستا ئاسانترو پێشکەوتو تر بێت (10).

ئەگەر سەیر بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە داهاتی بواری گەیاندن هەمووی لەگیرفان و داهاتی هاولاتیان دێتە دەرێ، بەلام لەتەک ئەوش هاوولاتی و دەوڵەت سوودمەند بوون، چونکە گەیاندن پێناسە دەکرێت کە

(كورت كراوەی ماوەو كاتەكانە)، ئەگەر هۆیەكانی گەیاندن نەبێت ئەوا هاوولاتی ناچار دەبێت بۆبردنی پەیامێک یان ئەنجام دانی کارێک ڕێگایەک، چ بەئۆتۆمۆبێلی خۆی یاخود پاس یان تەکسی ببریت کە لەهەموو حاڵەتەکان خەرجیەکی پتری دەوێت وکاتێکی دیاریکراویشی پێویستە، بەڵام بە هۆیەکانی گەیاندن بە چەند دینارێک و چەند خولەکێکی کات دەتوانێت هەمان کار ئەنجام بدات.

ئێستا لەشارەکانی کوردستان وەکو وولاتانی جیهان هاوولاتی لەماڵەکەی خۆی دەتوانێت بەتەلەفۆن زۆر پێداویستی داوا بکات و دابین بکات، کە هەم لەبواری ئابوری سوودمەندەو هەم لە کەمکردنەوەی کات، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەگەر هۆیەکانی گەیاندن نەبێت، شەقامەکان پتر بەکار دەهێنرێت و پێداویستی پە یو ە ست بە گو ا ستنە و ە ش پتر سەرف دەکرێت کە دەبێتە مایەی زێدە مەسرەفی بۆ خەزینەی دەوڵەت ولە ئاستی ئەنجامدانی پرۆژەکان کەم دەکاتەوە .



جێگای ئاماژە پێکردنە کە هۆیەکانی گەیاندن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشکەوتنی گەورەو سەرنج ڕاکێشتر بەخۆیەوە دەبینێت.

هۆیەکانی گەیاندن بۆ کارە نەک بۆ ڕابواردن و بۆ بەکارهێنانی سود بەخشە نەک زیان بەخش، ئەگەر هاوولاتی هۆیەکانی گەیاندن بەشێوەیەکی سەردەمیانەو دوور لەقسەی زیاد و بی پێشەکی دوایی بەکار بهێنێت دڵنیام لەوەی کەرێژەیەکی باش لەو پارەیەی خەرجی دەکات کەم دەبێتەوە.

دەبێ هەر فێری شێوازی سەردەمیانە ببین پێم وایە ئەمەش ئەرکێکی تری ڕاگەیاندنە .

لەم سەردەمەدا ئەو وولاتەی کە زۆر پێشکەوتووە بایەخێکی باشیان بەڕاگەیاندن داوە ئەم گرنگیە تا دێت لەزیادبوونە، لێرەدا جێگای خۆیەتی هەندێک پێشنیار بۆ پێشخستنی بواری گەیاندن بکرێت، تاوەکو هاوولاتی و بازرگان زیاتر سوود لەم فاکتەرە گرنگەی ئابووری وەرگرن تا کات و خەرجیەکان کەمتری بووێت:

1 - بەکارهێنانی هۆیەکانی گەیاندن لەکاتی پێویست بۆ کارو چالاکی و بەرهەم هێنان.

2 - کەمکردنەوەی ماوەی بەکارهێنانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی خەرجی زۆرنەکەوێتەسەرشانی هاوولاتیان بەتایبەتی لە بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت کە بەشێک لەداهاتی بۆ وولاتانی دیکە دەڕوات.

3 - زیادکردنی‌تۆڕ و فراوانکردنی ئاستی پەخش و بەکارهێنانی مۆبایل.

4 - سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای گەیاندنی پێشکەوتو، بەتایبەتی لە وولاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکاو ژاپۆن و چین.

5 - ڕێگەدان بەکۆمپانیاکانی بواری گەیاندن بۆ ئەوەی بەئازادانە کاربکەن و خزمەتگوزاریەکانی خۆیان پێشکەش بکەن تاوەکو کێبرکێ لەنێوانیان دروست ببێت بۆ ئەوەی نرخ دابەزێت و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو بێننە ناو وولات، لەم حاڵەتەشدا هەم هاوولاتی و هەم دەوڵەت سوودمەند دەبێت.

6 - پێویستە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندی دار چاودێریەکی توندی کاری ئەم کۆمپانیایانە بکرێت و گرێ بەستی روون و ئاشکرا لەگەڵیان واژۆ بکرێت بۆ زامن کردنی مافی دەولەت و هاوولاتی .

گەیاندن جیهانی کردۆتە گوندیکی بچوک و خەرجی و ماوەکانی کەم کردۆتەوە بێگومان ئەمەش لە رووی ئابوریەوە سودێکی یەکجار زۆری هەیە.

⋆ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەتی گەیاندن.

⋆ ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئابوری سیاسی بلاوکراوەتە.

<u>پەراوێزەکان</u>

-1ڕۆژنامەی (البريد العراقي)
-2ڕۆژنامەی (البريد العراقي)
-3ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ژ.8177
-4ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ژ.9940
-5گۆڤاری (البنك والمستثمر)ژ.73 سالی/2006
-6ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ژ.9942
-7ڕاپۆرتی دەزگای(انفورما للابحاث)
-8ڕاپۆرتی دەزگای(بورتيو ريسيرج)
-9ڕاپۆرتیکی تایبەت دەربارەی کۆنگرەی(برشلونە)ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ژ.9942
-10لێدوانێکی د.جوان فواد معصوم وەزیری گەیاندنی عێراقی فیدراڵ.